# ڕۆژنامەنوسی کورد، بێ قیمەتترین ڕۆژنامەنووسە!!

ڕێبوار کەریم وەلی

چەند ڕۆژێکە ترافیکێکی قورسی دیپلۆماسی و ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان و، بەتایبەت لە هەولێر دەستی پێکردووە. ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی سیاسی و پەیامنێر و هەواڵنێری ئاژانسە بەناوبانگەکانی جیهان و ناوچەکە لە هەولێر کۆبوونەتەوە .

لەو بەینەدا ڕۆژانە ناوبەناو لە هۆتێلێك یان لە شوێنێکی دیارکراو، کۆنگرەیەکیرۆژنامەنووسی بۆ کاربەدەستانی کوردی و کەسایەتییەکانی موعارەزە دەبەسترێت. ئەوەندەی من تێبینیم کردووە بە قەدەر سەرە دەرزییەك ڕێز لە ڕۆژنامەنووسانی کورد ناگیردرێت و تەنانەت مافی پرسیارکردنیشیان نییە (بە بینوی ئەوەی ئەمە بۆ دەرەوەیە و، وەك ئەوەی خەڵکی ئێمە ئاگای لە هەموو شتێك هەبێ !)

پرسیاری ڕۆژنامەنووسە کوردەکان بێوەڵامە و دوای سەعاتێك دەست هەڵبڕین، دیسانیش مافی پرسیارت نییە وڤڤو دەبێ لە لابەلای وەڵامی کاربەدەستان بۆ پرسیاری بیانیەکان بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی ناو زەینتدا بگەڕێی. باجی چوونە ژوورەوە تەنها بۆ بیانیەکان دەکرێ و ڕۆژنامەنووسانی کوردیش چش!

بەرپرسانی کورد پێیانوایە ئێمەی کورد بۆ بیانیەکان دەژین و ژیان و ڕووداوەکانی وڵاتی ئێمە تەنها بۆ کەرستەی هەواڵەکانی ئەوان باشە و پێویست ناکات خەڵکی ئەم وڵاتە بزانن لە کوردستان چ باسە!بۆیە بە مۆنیکا و ترومبێلی ئاخیر مۆدیل ئەملا و ئەولایان پێدەکەن و وەك ئەوەی گواستنەوەی هەواڵ لە کوردستانەوە کارێکی زۆر گرنگ بێت منەتیشمان بەسەردا دەکەن. هەواڵی هەموو وڵاتێك بۆ یەکەمجار لە لایەن ئاژانسی هەواڵەکانی ئەو وڵاتەوە دەگوێزرێتەوە و ئینجا بیانییەکان وەریدەگرن ولە زاری ئەوانەوە بڵاوی دەکەنەوە. کەچی لێرە بە پێچەوانەوە، لە کاتێکدا کورد خۆی لەسەر خاکی کوردستانەوە دوو کەناڵی سەتەلایتی هەیە، کەناڵی (الجزیرە) ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان دەگوازێتەوە و خەڵکی ئێمەش بەدیارییەوە ئاگایان لەوە دەبێ کە لە هەولێر نەك لە (تۆرابۆرا) چی ڕوویداوە!

ئینجا موحیبەت و گاڵتە و گەپی بەرپرسان لە گەڵ پەیامنێرە بانیەکان ئەوە هەر باسی ناکرێ. عارەبێکی وەکو (حوسنی مەحلی) کە (نازانم ئێستا لێرەیە یان نا؟) هەر جارەی هاتبێتە کوردستان 10 تا 15 هەزار دۆلاری لێخەرج کراوە و دنیایەك ڕێزی لێگیراوە و، لەگەڵ گەورەترین بەرپرسانی وڵاتدا گفتوگۆی ئەنجامداوە، کەچی دوایی لە بەرنامەیەکدا لە تورکیا بە سەرکردایەتی کورد دەڵێ جاش!دیسان جێگای ڕێزە، بەڵام ڕۆژنامەنووسێکی کورد دەبێ بەهەزار ترس و لەرزەوە پرسیارێك بکات و خوا خوای بێت لە پێش چاوی ئەو هەموو خەڵکە تەریق نەکرێتەوە .

بۆیە مادام وایە، مادام ڕۆژنامەنووسانی کورد لای ئێوە قیمەتیان نییە، دەرگاکانتان داخەن، نە بڵێن لەو وڵاتەدا ڕۆژنامەنووس هەیە و ئەگەر هەشبوون ڕیگە مەدەن لە دەرگا بێنە ژوورەوە. ئاوا هەم خۆتان ئیحراج نابن، هەمیش ڕۆژنامەنووسانی کور لەوە پتر ڕەزیل و بێقیمەت نابن .

Rebwar2001@yahoo. com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003